www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 18-7-2006 23:08

# ئێمە و ئەمەریکا و زەرقاوی ... بێستون ژاڵەیی

کەناڵە ئیعلامییەکانی دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان بە نەشوە و لەزەتبردنێکی زۆرەوە هەواڵی کوژرانی زەرقاوییان بڵاو کردەوە، هەواڵێك کە (بۆش) لەگەڵ بیستنیدا دەیزانی هەروەك چۆن دنیای بی سەدام بۆ ئەمریکا باشتر نەبوو، هەروەك ئەو هەمیشە بەڵێنی ئەدا ئاوا دنیای بی زەرقاویش نابێتە بەهەشتی ئەمریکا، بێگومان سیاسەتمەدارانی دەسەڵاتی کوردی ناتوانن وەك بۆش کە ئەو هەموو دامەزراوە سیاسی و ستراتیژییە زەبەلاحەی لەپشتە، دنیا و دەرکەوتەکانی بخوێننەوە، بەڵام خۆ رۆژانەش شایەدی هەڵە و پەڵەکانی ئیدارەی بۆشیشین.

دوای کوژرانی زەرقاوی، وێنەیەکی ئەوم بە دەست مێردمنداڵێکی گەرمیانییەوە دی، کە خوێندکاری پۆلی سێی ناوەندییە، ئەو کورە زۆر بە رێزەوە وێنەکەی گرتبوو و لێی دەڕوانی، لێم پرسی: ئەو هیچی بۆ کورد نەکردووە، رەنگە چەند کوردیشی سەر بڕیبی.. وتی: "ئەوە شەهیدە، ئەوانە نەبن کوفر ئەمانخوا و ئەمریکا و ئەمریکاچییەکان سواری سەری عالەم دەبن". پێم وت: ئاخر ئەوانە ئەمریکایان کردووەتە کەڵەگا. ئەو مێردمنداڵە عینادە وتی:" نا.. ئەمریکا هەمیشە لە هاشاوڵدان و پەلامارداپە، ئەمریکا خۆی کەڵەگایە". بە دڵنیاییەوە ئەو کورە ئەگەرچی خۆشی نەزانی، لەوەدا راست دەکا کە ئەمریکا خۆی کەڵەگایە، ئێمە هەموو فەرماندە و گرووپەکانی ئەلقاعیدە و گرووپەکانی تریش لە رێگای راپۆرتی دەزگا جاسوسییەکانی ئەمریکاوە دەناسین، ئەوەی (ئەبو موسعەب) ی کردووەتە ئەمیری شەهیدان (ئەیمەن زەواهیری) نییە، بەڵکو میدیا و موخەباراتی ئەمریکا ئەوانەیە کە لە بازنەی ئەودا دەسوڕێنەوە، کاتێك فەرماندەی ناوەڕاستی سوپای ئەمریکا (ئەبو حەمزەی موهاجیر) مان وەك سەرۆکی تازەی ئەلقاعیدەی عێراق پێ دەناسێنێت، ئێمە کەسمان هێشتا ناوی ئەومان نەبیستووە، من زۆر جاری تر وتوومە میدیای دەسەڵاتی کوردی زۆر فەقیر و زەعیفە لە مامەڵە لەگەڵ ئەمریکا و ئیخباری ئەوێدا، رۆژانە لە میدیای ئەمریکادا بۆش و ئیدارەکەی پەت پەتیی دنیایان لە سەر رەوشی عێراق پێ دەکرێت، میدیای کوردی نەك هەر لەسەر فەزیحە زۆرەکانی سوپای ئەمریکا لە عێراق قسەی نییە، بەڵکو لە کوشتنی ئەو کوردانەش بی دەنگە کە ناوەناوە بی هیچ پاساوێك بە گوللەی مارێنز دەبنە قوربانیی ئاگری دۆست! بۆشێك کە لە میدیای ئەمریکادا هەزاران پرسیاری هەراسانکەری لەسەر رەوشی عێراق تەنانەت کوردستانیش رووبەڕوو دەبێتەوە، لێرە تەنانەت یەك رۆژنامەی ئەهلیش نییە ئەوەی لە ستراتیژی کارکردنیدا چەسپاندبی کە ئەمریکا هێزێکی کۆلۆنیالی داگیرکەرە و تەنیا بە شوێن بەرژەوەندییەکانی خۆیەوەیە، کە ئەمەش ئەوەندە ئاشکرایە خەڵکی ئاسایی سەر جادەش هەموو کاتێك باسی دەکەن؟ لە پشت بێدەنگیی میدیای کوردییەوە لە خوێندنەوەی ئەمریکا کە بووەتە بەشێك لە واقیعی ئێمە، هاوارێکی زەلیل و شەرمنانە پێمان دەڵێت: (مادام ئەمریکا سەدامی لەکۆڵ کردینەوە، هەرچیمان لێ بکات قەینا، خۆ ئەو کافرانە لە عەرەب و فارس باشترن) ! ئەم ناحاڵێتییە کورییە کە تا دێت رقی شۆڤێنییەکانی فارس و عەرەب لە ئێمە زیاتر دێنێتە کوڵ و قازانجی پولێکی قەڵبیشی نییە، چونکە لوتکەی گێلێتییە ئێمە تا قیامەت نەپرسین باشە مەملەکەتی مام سام لەبەرامبەر هەموو خزمەتگوزارییەکانی ئێمەدا لە (پرۆسەی ئازادیی عێراق) و هەموو کاتێکی تریشدا چی بە ئێمە بەخشیوە، لەم واقیعە زیاتر کە لە راپەڕینی (1991) وە لەسەر ئەرز لە کوردستاندا دروست بووە و هیچ گرەنتییەکی نێودەوڵەتیش نییە کە ئەمریکا لە حاڵی نەمانی مەترسیی تیرۆر لەسەر عێرقدا ـ ئەگەر ئەمریکا نەمانی ئەم مەترسییەی بوێت! ـ و دوای پێکهاتنی حکومەتێکی مەرکەزیی بەهێز، یەکێك لە فیدراڵیەت هەڵنەدات و هەموو شتێك هەڵنەگێڕێتەوە! بۆ سەرانی کورد پێمان ناڵێن ئەو

بەڵێن و گرەنتییانە چین ئەمریکا و خورئاوا بۆ ئاینده پێیان داوین؟ ئەگەر هیچ نییە لەپای چی خولامێتییان بکەین؟! لە گشتی خۆشتر ئەوەیە کە لە میدیای کوردیدا نەك هەر خوێندنەوە و خراپە وتنی ئەمریکا حەرامە، بەڵکو لە ترسی ئەمریکا خوێندنەوەی ئیسلامیش وەك ئایینێکی جیهانی و ژیاری لە قەدەغەکراوەکانە، ئاخر ئەمریکا لە دەستکێشانە کاروباری وڵاتاندا گەیشتووەتە رادەی دەستکاریکردنی مەنهەجی خوێندنیش، بۆیە لە کوردستانیش لەگەڵ لابردن و بەرتەسککردنەوەی ماددەی ئایندا هەروەها بەشی (شەریعە و توێژینەوەی ئیسلامی) بەم ناوە گەورەیەوە لە ئامادەیی و زانکۆکانی کوردستاندا بریتییە لە وتنەوەی ئەو فیقهی نیکاح و تەڵاق و مەنتیقەی کە سەدان ساڵ لەمەوبەر مەلایەك لە کونجی حوجرەیەکدا بە چەند فەقێی وتووەتەوە، ئیسلامێك کە ئایینی زیاتر لە ملیارێك ئینسان و (90%) خەڵکی کوردستانە و بەشێکی بنەڕەتی لە میرات و کلتوری ئینسانییە بە هەموو مەودا شارستانی و مەعنەوییەکەیەوە کورت بکرێتەوە بۆ خوتبەیەکی کرچ و کاڵی خەوێنەر و کولێژێکی فەقێیەتی، لەمەش کۆمیدیتر هەر کە ڕووناکبیرێکی گەورە و جددی لە چەشنی (فاروق رەفیق) یش بیەوێت لەم کایە حەیاتیەدا توێژینەوە و پرۆژەی هەبێت هەزار و یەك ناو و ناتۆرەی بدرێتە پاڵ و لە هەر چوارلاوە دژایەتی بکرێت! بەوبەریشەوە بێگومان هۆکارێکی بنەڕەتی بەشی زۆر لە بەڵا و نەهامەتییەکانی دنیای ئیسلام ئەو رژێمە تۆتالیتار و داخراوانەن کە بە سیاسەت و رێگاچارە سەقەت و ناعەقڵانییەکانیان لە هەر شوێنێك وڵاتێکی پڕ لە نەخۆش و تورە و نارەزایەتییان خوڵقاندووە، لە جیاتیی کردنەوەی دەزگا و دامەزراوەکان بە رووی خوێندنەوەیەکی مەنهەجی رۆحی لێبوردەیی و گەشەپێدانی ئایین و بەها باڵاکانیدا، ئیسلامیان ترنجاندووەتە ژێر کەپسولی بۆمبێکی چێندرا و و کۆنترۆڵەکەشیان داوەتە دەست ئەو زەرقاوییانەی لە هەموو شوێنێکدا هەن و لە ئاسمانەوە نەهاتوون و کوڕی شەرعی ناو مناڵدانی ئەم واقیع و دەسەڵات و کۆمەڵگایانەن، لە دواییشدا میدیای کوردی کەناڵی ئەلجەزیرەی قەتەر بە نموونە باس دەکات و وای وێنا دەکا کە تەنیا کەناڵی شۆڤینییەتی عەرەبییە، تەواو بی ئاگا لەوەی کە جەزیرە وا بی رکابەر خاوەنی زۆرترین بینەرە لە دنیای عەرەب و تەنانەت لە کوردستانیشدا حیکمەتەکەی هەر ئەوەیە ئەوانەی لە پشتی ئەو کەناڵەوەن ئەو حەقیقەتەیان باش خوێندووەتەوە کە جیهان پڕ بووە لە بوغز و قین لە ئەمریکا، ئەمە راستییەکە دەبی میدیای کوردی تێی بگات، چونکە ئەمریکا لە حەقیقەتی مامەڵەیدا لەگەڵ خورهەڵات و دنیای ئیسلامدا تەنیا بە رواڵەت دیندار و بێدینێك جیا دەکاتەوە و لەوە زیاتر بە قەولی کرێکار پۆستاڵ دەخاتە سەرسەری (دکتۆر موحسین عەبدولحەمید) با ئەو سەرە دوو دکتۆراشی تیا بێت و هاوکاری پرۆسەی سیاسی ئەمریکاش بێت لە عێراقدا.